# عەبدولخالق مەعروف.. پیاوێك هەمیشە روو لە ئاسمان



**راپۆرت: محەممەد قادر یونس - رابەر فاریق - هەولێر**

هاوڕێیان!
ئەم ئێوارەیە منیش دێم،
لە چایخانە بچکۆلەکە
کورسیەك بۆ شیعرم دانێن
نەیدەن بەکەس،
گەر جامانە قۆشمەکەی خاڵە رەجەب هات پێی بڵێن:
ئەبێ ببووری گیراوە!
گەر شەپقەکەی ئەحەی میرزا
بە پەلەپەل ئەویش هات بڵێن:گیراوە!
مەگەر لە هەولێرەوە میوانێك ئازیز
زوو ماندوو بێ بگاتە جێ
مەگەر کتێبە یاخییەکەی "عەبدولخالق"
وشەی شانو مل خوێناوی
کە نەتوانێ
لەبەر ئێشی زامەکانی
زۆر بە پێوە رابوەستێ!

**شێرکۆ بێکەس "دەربەندی پەپوولە"**

**باسکردن لە "عەبدولخالق مەعروف" باسکردنە لە پیاوێك کە عەقڵی چەند مرۆڤێکی جیاو گەورەی لە یەك کات لەسەربوو، پیاوێك وەك مامۆستا مومتاز حەیدەری گوتی: "شەهید یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی کورد، لەئاستی نووسەرە عەرەبەکانی وەك: حوسێن مروە، فەرەج فۆدا، ناسر حامید ئەبو زەید... تاد"، بەڵام ئەگەر ئەو نووسەرانە تەنها هەر نووسەری گەورە بوون و تەنها لەسەر نووسینەکانیان تەکفیرکران و دواجار هەندێکیان بوونە قوربانی راکانیان، ئەوا شەهید کردنی (عەبدولخالق مەعروف) شەهید کردنی چەند مرۆڤ و چەند عەقڵێکە کە لەیەك جەستەدا جێگایان ببۆوە، (عەبدولخالق) جگە لەوەی رۆشنبیرێك و شیعر ناسێکی کارامەبوو، بەتایبەت لەشیعری کلاسیك، لەهەمان کات هەڵکەوتووێکی تابڵێی گەورەی بواری کارەباو ئەلکترۆنیات بوو، شەرعزان و ئایینزاییێکی پڕ زانست و بیر نوێ بوو، کە دواجار هەر ئەو بیروڕا**

نوێیانەی بوو دەربارەی شەرعی ئیسلام بووە بەهانە بۆ رژێمی بەعس بەقسەی مەلاو خوتبە توندەکانیان لەمینبەری مزگەوت شەهیدی بکەن، کە هەم خوتبە خوێنان لە مزگەوتەکانی هەولێرو بەزمانی کوردی قسەیان کرد، تەکفیرو جنێوبارانیان کردو هەم ئەو کەسانەی کوشتیان بەجلی کوردی بوون، ئێمە لەو ریپۆرتاژەدا، لەرێگەی نزیکترین ئەو هاورێیانەی کە توانیمان بیاندۆزینەوەو لەژیانی رۆژانەو خەباتی شاخ لەگەڵیبوون (مومتاز حەیدەری، سەعدوڵلا پەرۆش، موحسین ئاوارە) بوون، ئەمە سەرباری ئەو نووسینانەی کە لەلایەن ئەو هاورێیانەوە نووسراون کە نەمانتوانی بیانبینین (ئەحمەد دەشتی، هەژاری موکریانی)، هاوکاری و زانیارییەکانی (گزنگ)خانی کچی دەمانەوێ تیشك بخەینە سەر لایەنەکانی ژیانی (عەبدولخالق مەعروف).

## کورتەیەك لەژیانی (عەبدولخالق مەعروف)

(عەبدولخالق مەعروف) لەرۆژی ١٩٣٥/١/١ لەناحیەی کەندێناوەی سەر بەشاری هەولێر لەبنەماڵەیەکی ئایینی هاتۆتە دونیاوە، باوکی مەلایەکی دیاری ناوچەکە بووە، پیاوێکی ئازاو قسەخۆش بوو، (عەبدولخالق) قۆناغی منداڵی هەر لەوێ بەسەر بردووەو ساڵی ١٩٤٤ لەهەمان شوێن خراوەتە بەر خوێندن و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، پاشان باوکی لەقوتابخانە دەریدەهێنێت و دەیخاتە بەر خوێندنی ئایینی و ئەمجارە رێگەی حوجرەو لای مەلاکان دەگرێتەبەر، بەشە سەرەتاییەکانی خوێندنی ئایینی لەکەندێناوەو ناوچەکانی دەوروبەری تەواو دەکات، پاش ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك لەفەقێکانی کەندێناوەو شاری هەولێر، نزیکەی دووسەد ئیمزایان کۆکردەوەو وەکو داواکارییەك خستیانە بەردەم خوێندنگەی ئایینی، هەتا بەشێوەیەکی رەسمی ئەو خوێندنگەیەیان بۆ بکرێتەوە، لەبری گەڕان بەدوای حوجرەو مەلاکاندا، خوێندکاری ئایینی رووبکاتە خوێندنگەیەکی رەسمی، ئەم داواکارییەی ئەوان بووە هۆی نارەزایی زۆرێك لە مەلاکانی ئەوکاتەو ئەو داواکاریەیان وەکو هەوڵێك بۆ بێکاربوونی خۆیان لێکدەدایەوە، بۆیە دەستەیەکی هەڵبژاردەیان بۆ رێگەگرتن لە جێبەجێ کردنی ئەو داوایەی فەقێکان سەردانی پارێزگای ئەو دەمەی هەولێریان کردو هەوڵیاندا پارێزگار رازیبکەن بۆ ئەوەی داوای فەقێکان رەتبکاتەوە، کاتێك عەبدولخالق مەعروف ئەم هەوڵەی مەلاکانی بۆ دەرکەوت خۆی کە هێشتا لەتەمەنی مێردمنداڵیدا بوو سەردانی پارێزگاری ئەوکات (ئیسماعیل حەقی) کردو لەبارەی داواکارییەکەیانەوە بۆی دواو گیروگرفتی فەقێکانی بۆ روونکردەوە کە چۆن لەرێگەی حوجرەکان و گەڕان بەدوای مەلاکاندا دووچاری نارەحەتی دەبوون، پارێزگار کاتێك گوێی لێگرت داواکەیانی بەرەوا زانی و پشتگیری لێکردن، دوای ئەوەی کە (عەبدولخالق مەعروف) زانستە ئایینیەکانی خوێندو گەیشتە ئاستێکی دیاری شارەزایی لەو بوارەدا، بریاریدا بچێتە میسر بۆ ئەوەی لەزانکۆی ئەزهەر درێژە بەخوێندن بدات، لەرۆژی ١٩٥٤/٤/٢ کە ئەو کات تەمەنی ١٩ ساڵان بوو چوو بۆ میسرو داواکاری پێشکەش بەو زانکۆیە کرد، بەڵام بەبیانووی نەبوونی بڕوانامەی رەسمی دانپێدانراو داواکەی پشتگوێ خراو هەلی خوێندنی لەو زانکۆیە بۆ نەرەخسا، لەبەر ئەوە بەناچاری گەڕایەوە بۆ هەولێرو پاشان چووە بەغدا لەوێ لەلای مامۆستایان محەممەد

قزڵجـی و عـەلادین سـەجادی دەسـتی کـردەوە بەخوێنـدن، لـەپاش مـاوەی دوو سـاڵ درێـژەدان بەخوێندن لەمانگی نیسانی ١٩٥٦ (عەبدولخالق مەعروف) بەشداری تاقیکردنەوەیەکی کرد کە بۆ ئیمان تـابوری بـوو، لـەو تاقیکردنەوەیـەدا سـەرکەوتنی بەدەست هێنـاو هـەر لـەو ساڵەدا بـوو بەئەنـدامی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و درێـژەی بەخـەباتی کوردایـەتی خۆیـدا، لـەریزی ئـەو پارتـەدا گـەلێك کـاری گرنگـی پـڕ بایەخیشی بـۆ بزووتنـەوەی کوردایـەتی ئەنجامـداوە، ماوەیـەکی زۆر سـاڵح یوسـفی لـەماڵی ئەوانـدا ژیـاوە ئەوکاتـەی لێپرسـراوی لقـی پێـنج بـوو، لەسـەردەمی خەباتی نهێنی. (عەبدولخالق مەعروف) هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە ئارەزووی زانست و زانیاری هەبووە، لەساڵی ١٩٥٧ دەستی داوەتە دروستکردنی جۆرێك لەئێزگەی رادیـۆیی، لـەم کارەشـیدا بەردەوام بووە، تاوەکو لەساڵی ١٩٦٠دا کە ئەوکاتە لەبەغدا نیشتەجێ بوو، ئێزگەیـەکی دروست کرد لـەکاتی کارپێکردنی رادیۆیەکـەدا لەرێگـەی بەکارهێنـانی ئامێرێکی بچوکەوە ئـەو مەودایـەی تاقیکردەوە کە رادیۆیەکە دەیگەیشتێ، لەسـاڵی ١٩٦٣ شـاری بەغدای بەجێهێشت و گەڕایـەوە بـۆ هـەولێر، پاشان لەکۆیە پەیوەنـدی بەشـۆڕش کـردەوە، لـەوێش کـەڵکیان لـەتوانا و شـارەزاییەکەی وەرگرت بۆ دامەزراندنی ئێزگەی شۆڕش لەناوچەی (ژاژڵە)، (عەبدولخالق) هەرخۆشی بـەرپرس و سەرپەرشـتیاری کاروبـاری تـەکنیکی و هونـەری ئـەو ئێزگەیـە بـووە. لەسـاڵی ١٩٦٤ لـەکاتی گفتوگۆی نێـوان حکومـەت و شۆڕشـی ئەیلولـدا، کـراوە بـە بەڕێوەبـەری گـومرگی قـەزای دوکـان، لەکاتی بەبنبەسـت گەیـشتنی گفتوگـۆ لەلایـەن ڕژێمـی ئەوکاتـەوە دەسـتگیر دەکرێـت و ڕەوانـەی بەندیخانەی بەغدا کراوە، لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ موسڵ، پاشان بارزانی بروسکەیەکی تونـد بـۆ حکومـەتی ئـەوکات دەنێرێـت و داوای ئـازادکردنی دەکـات، دوای ئازادکردنیـشی پەیوەنـدی کردەوە بەشۆڕش. دوای راگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ لەنێوان حکومەت و شۆڕشدا گەڕایـەوە بـۆ هـەولێر، لـە ١٩٧١/٥/١دا شـۆڕش ناردییـە دەرەوە (چیکوسـلوفاکیا) بەمەبەسـتی خوێندن لەبواری ئامێرو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکاندا لەکۆمپانیای (تیسلا). نزیکـەی سـاڵێك لـەوێ مایەوەو بڕوانامـەی دیبلـۆمی لـەو بـوارەدا وەرگرت. کە شـەڕی نێـوان شۆڕشـی کـوردو حکومـەت دەسـتی پێکـردەوە عەبـدولخالق مـەعروف چـووە چـیاو لەراگەیانـدنی شـۆڕش و بەتایبـەتی لـەکاروباری ئێـستگەی شـۆڕش کـاری کـرد، دوای هـەرەس گەڕایـەوە هـەولێرو پـاش ماوەیـەك بەسەفەر چووە ئەورووپا، لەساڵی ١٩٧٦دا لە هـەولێر دوکـانێکی بـۆ کاروبـاری تـەکنیکی کـردەوەو وەکالـەتی (ئـەجهیزەی دەقیقـەی) وەرگـرت، جگـە لـەزمانی دایـك زمانـەکانی (عـەرەبی، فارسـی، ئینگلیـزی) بەباشـی دەزانـی هـەروەها بەشـێکیش لـە زمانـەکانی (روسـی و ئـەڵمانی)، لـەدوای نیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٠ دوای چەند ڕۆژێك لـە بڵاوکردنـەوەی کتێبـی (ئـادەمیزاد لەکۆمـەڵی کوردەواری)دا لەبەردەگای ماڵی خۆی کوژرا.

## ( عەبدولخالق مەعروف ) ئەو پیاوەی کە پسپۆڕێکی ئەورووپیی سەرسام کرد

سـەعدوڵڵا پـەرۆش گـوتی "بـێ ئـەوەی هـیچ بڕوانامەیـەکی لـەو بـوارەدا هـەبێت، زۆر هەڵکەوتووبوو، هەموو جار پێی دەگوتم: تـەنیا لەسـەر بنـەمای سـەلیقەو خۆشەویستیم بۆ ئەو

ئیشه فێری بووم. بەڵام ئاستی زیرەکی و کارامەیی ئەو لەو بوارە گەیشتبووە ئاستێك کە هەر ئامێرێکی کارەبایی و ئەلیکترۆنی تێك چووبایە ئەستەم بوو لەبەردەستی چاك نەبێتەوە"، (موحسین ئاوارە) لەیەکێ لەبیرەوەرییەکانی بۆمانی گێڕایەوە: "(هۆمەر دزەیی) کە فڕنییەکی سەموونی هەبوو، لەناو فڕنییەکەدا جیهازێکی گەورە هەبوو تێك چووبوو، جارێکیان هاتبووە لای شەهید (عەبولخالق)و پێی گوت: چەندین ئەندازیارم لە دەرەوە هێناوە نەیانتوانیوە چاکی بکەنەوە، شەهید (عەبدولخالق)یش پێی گوت: دێم دەڕنەفیزێکی دەگەیەنمێ بزانم ئەنجام چی دەبێ؟، کە چوو بۆ لای چاکی کردەوە، (هۆمەر)یش بۆ گاڵتە پێی گوت: خۆ ئەوەش نەبۆتە ئێزگە وا بەئاسانی چاکی بکەیتەوە"، لەساڵی ١٩٦٠ لەگەڕەکی (تۆبچی) لەبەغدا ئێزگەیەکی رادیۆیی دروست کردو هەر خۆیشی رادیۆکەی بەدەستەوە دەگرت و دەڕۆیشتە دەرەوە تاوەکو بزانێت دەنگی ئێزگەکە تا کوێ دەڕوات، یەکێکی تر لەو رووداوە سەیرانەی کە بلیمەتیی ئەو لەو بوارە نیشان دەدات ئەو بەسەرهاتەیە کە (ئەحمەد دەشتی) لەنووسینێکدا دەیگێڕێتەوە: "لەساڵی ١٩٧٤ کە تاقیکردنەوەی ئەنتێنامان دەکرد، کابرایەکی پسپۆڕ کە خاریجی بوو فێری دەکردین، گەلێ ئەنتێنامان لەسەر رێنمایی کابرا پسپۆڕەکە سازدەکرد، (عەبدولخالق)ی نەمر هەمیشە پێش ئەوەی کە تاقی بکەینەوە رای خۆی دەردەبڕی و دەیگوت: ئەم شێوە ئەنتێنایە لێرە دەنگی ناڕوات و کە تاقیمان دەکردەوەو ئاگاداری ناوچە دوورەکانی وەك بادینان و ناوچەی خانەقینمان دەکرد دیار دەبوو کە نەدەبیسترا، پسپۆڕەکە بەلایەوە زۆر سەیربوو باوەڕی نەدەکرد، بەڵام شەهید عەبدولخالق شتێکی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ ئەنتێنا لەم ناوچە شاخاویانەدا، کە بەڕێنمایی شەهید (عەبدولخالق) ئەنتێنامان دروست دەکردو تاقیمان دەکردەوە (دەنگی کوردستان) لەناوچە دوورەکان زۆر باش دەبیستراو کابرای ئەندازیار سەری سووڕمابوو و دەیگوت: ئەمە لە هیچ تیۆرییەك دانییە، نازانم کە چۆن ئاوا سەرکەوتووە. کە جیهازێکی شەپۆلی ناوەندیشمان لەساڵی ١٩٦٧ بەڕێنمایی و مامۆستایەتیی (عەبدولخالق مەعروف) دروست کرد، هەندێ لە ئەندازیارەکان دەیانگوت: ئەمە هیچ دەنگی ناڕوات و وەك هەوا وایە کە بەڕەڵڵا بکرێت و کەس نایبیستێت، تا تەواومان کردو بەکارمان خست گەلێ سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەو سەردەمانە کە بووین بە خاوەنی شەپۆلێکی ناوەندیش لەپاڵ سێ شەپۆلە کورتەکە کە هەمان بوو" کە رادیۆی (دەنگی کوردستان )یش لەبەرواری (٢٠)ی ئابی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار دامەزرا، (عەبدولخالق مەعروف) دەورێکی سەرەکی تیا هەبوو وەك (هەژار موکریانی) لەچێشتی مجێوردا دەڵێ: "بۆ شۆڕش لە لەشکرێکی دە هەزار کەسی بە بەهرەتربوو" هەروەها (موحسین ئاوارە) ئاماژەی بەوەدا کە کوڕو هەندێك لە کەسە نزیکەکانی ئێستا وەکو (عەبدولخالق) بەهرەدارن لەو بوارە: "پشکۆی کوڕی وەکو ئەو زیرەکە، ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیێت، کوڕی خوشکی کە ناوی (کامەران)ە لەسەردەمی شۆڕش ناوی (رێدار) بوو، لە ئێزگە حەوت هەشت رێزلێنانی پێدراوە لەلایەن (مام جلال)، چونکە هەموو جار ئەو دەوری سەرەکی هەبوو لە چاککردنەوەی ئێزگە".

# پێکەنینی دوو زەردێنە بوو!

ڕەنگە دیارترین هەڵسوکەوت لەژیانی ڕۆژانەی (عەبدولخالق مەعروف) چەند شتێك بووبن ئەوانیش: هەمیشە جانتایەك یاخود کتێبێکی بەدەستەوە بوو، مرۆڤێکی چاوتێرو سەخی و ڕوویەکی ئێجگار دەم بەپێکەنینی هەبوو، کە ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ هەڵسوکەوتەکانی ئەو بەسەرهاتانەی بن کە لەهاوڕێکانی گوێبیستی دەبین، (سەعدوڵلا پەرۆش) وا باسی بەخشندەیی ئەوی دەکرد: "لەژیانیدا (لەڕووی مادییەوە) زۆر سەخی بوو، نازانم ئەو ماڵانە کێن؟، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە بەردەوام یارمەتیی هەندێك لەماڵە شەهیدەکانی دەدا، بەڵام ئەوە تەنیا ئێمەی هاوڕێ نزیکەکانی دەمانزانی، ئەگەر قوتابییەکی زیرەك پارە لەبەردەمیدا بووبێتە بەربەست، چەندی پێی کرابێ یارمەتیی داوە، بۆ ئەوەی بەردەوام لەخوێندن بێ ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان باسی بکات، ئەگەرچی لەبواری ئابووری دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام بیزانیایە ماڵێك خاوەن شەهیدن، یا کەس نییە کاریان بۆ بکات، ئەو خۆی بەباوکێکی (دەرەوەی ماڵ)ی هەمیشەیی ئەوان دەزانی، بەڵام (عەبدولخالق مەعروف) لەدەرەوەش دەستی لەیارمەتی دانی ئەوانە نەدەگەڕاندەوە کە سواڵیان دەکرد، تەنانەت وەك (موحسین ئاوارە) گێڕایەوە: "لەبەردەم دوکانەکەیدا پارچە ئاسنێکی دانابوو بۆ خۆکێشانی خەڵك، ئەوانەی خۆیان دەکێشا پارەکەیان دەخستە ناو جامێك، هەر سواڵکارێك داوای پارەی لێ کردبا، پێی دەگوت: "بەئارەزووی خۆت لەم جامە پارە هەڵگرە"، من تەعلیقێکم لەسەری هەبوو، ڕۆژێکیان کچێك هاتبووە لای گوتبووی: مامە فەقیرم، (عەبدولخالق)یش گوتبووی: بڕۆ چەندی هەڵدەگری هەڵگرە. ئافرەتەکە کە بینیبووی بە کەیفی خۆیەتی مشتێك درهەمی بردبوو". هەروەها زیاتر بەردەوام بوو دەربارەی وەسفی هەڵسوکەوتەکانی و گوتیشی: "قاقای پێکەنینی زۆر بەرز بوو، زۆر پێدەکەنی، جارێکیان (نووری نانەکەلی کە هاوڕێیەکی نزیکی عەبدولخالق مەعروف بووە) لەبەرئەوەی برایەکەی دەواجنی مریشکی هەبوو، دوو تەبەقە هێلکەی هێنابوو، هێلکەکان دوو زەردێنە بوون، دوای ئەو کاتە (عەبدولخالق) کە پێدەکەنی پێمدەگوت: پێکەنینەکەت دوو زەردێنەییە". ئەو هەمیشە بە جلە سادە، (کە قەمیس و پانتۆڵێك بووە) ئەو جانتایەی کە هەمیشە لە بن هەنگڵی بووە جیا دەکرایەوە، تەنانەت تا کاتی شەهید بوونیشی هەر بەپاسی مەسلەحە دەچۆوە ماڵ، یاخود بە پایسکیل هاتووچۆی نێوان دوکان و ماڵەوەی دەکرد، (موحسین ئاوارە) وا باسی بێفیزی و دەعیەی ئەوی دەکرد: "ماوەیەك ئۆتۆمبێلێکی کڕی، کە جۆری (فاکس وارگۆن) بوو، ئەم ئۆتۆمبێلە بە هەموو شتێك دەچوو ئۆتۆمبێل نەبێ، بەڵام ئەو حەزی دەکرد شتێکی هەبێ لە هی هەموو کەس نەچێ، ئەمەش پەیوەست بوو بەناخی خۆی، ناخێکی گەورەو جیاوازی هەبوو، بەڵام بێ فیزو دەعیە، زۆربەی ڕۆژەکان بە پایسکیل هاتووچۆی بازاڕو ماڵی دەکرد، ڕۆژێکیان پێمگوت: کاك (عەبدولخالق) خەڵك زۆربەی دەتناسن، بۆچی پایسکیل دەئاژۆی؟، ئەویش گوتی: باشە بۆچی سەرۆك وەزیرانێك لە ئەڵمانیا، یا لە فەرەنسا، پایسکیل لێبخوڕێت ئاساییە؟، بۆچی لەلای ئێمە عەیب بێت؟، دواتر لەمە باشتر نییە کەسانێك بێن جاددە موزایەقە بکەن؟، با ئێمە ش

ئەو کۆت و بەندە بشکێنین، تا خەڵکەکە هێدی هێدی لێی رابێت، تا بزانن کە پایسکیل هاژووتن شورەیی نییە، ئاستی بەرزی کەس نەوی ناکاتەوە، منیش پێم گوت: تۆ خۆت دەکەیتە زەحیە، ئەویش گوتی: لەوە باشتر هەیە کارێکی چاك بکەم و خەڵك بەدوامدا بێت".

## نهێنیەکان و هۆکارەکانی کوشتنی چی بوون؟

"عەبدولخالق مەعروف کە بەرێگەدا دەرۆیشت بەردەوام تەماشای ئاسمانی دەکرد، رۆژێکیان لەدانیشتنێکدا پێم گوت: کاك (عەبدولخالق) بەدرێژایی ژیانت درهەمێکت دۆزیوەتەوە؟ (مەبەستم ئەوە بوو کە بەردەوام تەماشای زەوی نەدەکرد) ئەویش گوتی: ناوەڵڵا، گوتم: چەند جار قاچت کەوتۆتە ناو چاڵ؟، گوتی: سێ چوار جار، بەڵام ئەوە لە لووت بەرزیم نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە لە شاخ هەر تەماشای بەرزاییەکانمان دەکرد" (موحسین ئاوارە) وا وەسفی دەکرد. بەڵام ئایا ئەو پیاوەی کە هەمیشە روو لە ئاسمان بوو، کێ کوشتی؟، ئایا تەنیا کتێبەکەی بووە هۆی کوشتنی؟، یا بیرە نەتەوەیی و کاریگەرییە گەورەکەی؟، (مومتاز حەیدەری) گوتی: "دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی زیاتر هاموشۆی یەکتریمان دەکرد، بەتایبەت بە تەلەفۆن، تەنانەت ئەو رۆژەی شەهیدکرا من لەکتێبخانەکەی خۆم (کتێبخانەی حەیدەری) تەلەفۆنم بۆی کرد، پێم گوت: ئاگاداربە فەوزایەکی زۆر لەدژت نراوەتەوە، ئاگاداری خۆت بە، حەزدەکەم بێیتە دوکانەکەم یان من دێمە دوکانەکەی تۆو پێکەوە دەچینەوە، بەڵام ئەو گوتی: نەخێر وەکو رۆژانی تر بە پاسی مەسڵەحە دەگەرێمەوە ماڵ"، (سەعدوڵڵا پەرۆش)یش بەسەرهاتی خۆی دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لەگەڵ (عەبدولخالق مەعروف) وا باس کرد: "شەهید ئەو رۆژەی کە هاتە لام گلەیی لەو مەلایانە کرد کە خوتبەیان لەسەری داوە، تەنانەت ناوی مزگەوتەکانیشی هێنا، کە هێرشیان کردبووە سەری، بۆیە برادەرەکانی پێیانگوت: کە ئەم فەوزایە دروست بووە پێویستە خۆت بشاریتەوە لەجێگەیەك، بەڵام ئەو دەیگوت: لەمردن ناترسم، دواتر کارێکیشم نەکردووە لێی پەشیمان ببمەوە". (موحسین ئاوارە) باسی ئەوە دەکات چەند رۆژێك پێش کوژرانی چۆتە شاخ بۆ چاککردنەوەی ئێزگە، لەکاتی گەرانەوەی دەفتەری یادداشتەکانی رۆژانەی خۆی ون دەکات و دەکەوێتە دەست رژێم، کە زۆربەی نهێنییەکانی ژیانی خۆی تیابوو، رۆژێك پێش شەهیدبوونی پێی گوتم: "ئەو دەفتەرە سەرم دەخوا، گوتمان لەو دەفتەرە باسی چیت کردووە؟، گوتی: تەنانەت باسی ئەو سەفەرانەم تیا کردووە کە چوومەتە لای (مام جەلال) بۆ ئێزگە چاك کردنەوە، کە ئەو رۆژەش چووبۆوە بۆ ماڵەوە ئەگەر شەهید نەکرایە هەتا شەو، لەشار نەدەمایەوە بەڵکو دایناببوو بچێتە شاخ". نزیکی ١٥-٢٠ رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی، دوای ئەوەی لە هەندێك لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر خوتبە لەسەر خۆی و کتێبەکەی خوێنرایەوە، لەبەردەرگای ماڵی خۆی (کە دەکەوێتە گەرەکی ئازادی شاری هەولێر) کاتێ چۆتە دەر ئۆتۆمبێلێك کە هەندێك سەرچاوە دەڵێن سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بووە، یا سەر بە (مکافحە)ی ئەوکات بوو، چەند کەسێکی نەناسراوی بەجلی کوردی تیابوو داوای لێ دەکەن لەگەڵیان بچێ، بەڵام لەو کاتەی ئەو ئامادە نابێ و بەرپەرچی داواکەیان دەداتەوە ئەوان دەستدرێژی لێ دەکەن و

وەك لە لێكۆڵینەوەی (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئازادی) هاتووە چوار گوللەی بەلای چەپی جەستەی دەكەوێ و دەیكوژن. بەر لەوەش هەواڵی بۆ مەلاكان ناردبوو كەوا ئامادەیە گفتوگۆیان لەگەڵ بكات دەربارەی كتێبەكەی، بەڵام ئەوان بێ ئەوەی گوێ بە داواكارییەكەی بدەن، لەمینبەری مزگەوتەكان هێرشیان كردە سەر، تەنانەت مەلایەك بەناوی (مەلا ئەحمەدی مستەفا ئاغای هەڵشۆیی) لەمزگەوتی (خانەقای مەولانا) وتارێكی هەینی بەتەواوی تەرخان دەكات بۆ هێرش كردنە سەر (عەبدولخالق) و كتێبەكەی و بە(بێ دین و داوێن پیس و كافرترین ئینسان) وەسفی دەكات، بەڵام (عەبدولخالق) وەڵامێكی درێژی بۆ دەنووسێ و بە ئایەت تۆمەتەكانی پوچەڵ دەكاتەوە، (لەلایەن چەند مەلایەكی كۆنەپەرست و نەزان كەوا بێ ئەوەی كتێبەكە بخوێننەوەو لەجەوهەرەكەی بگەن هێرشیان كردە سەر خۆی و كتێبەكەی، ئەوەبوو حیزبی بەعسیان ئاگادار كردەوە تا لەمەلەفی سیاسی (عەبدولخالق) بكۆڵنەوە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی كە نهێنین و من یەكەم جارە دەیاندركێنم، پیاوێك چووبووە لای بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر گوتبووی (عەبدولخالق) كتێبێكی وەهای چاپكردووە، دەبێ ئیجرائاتی لەگەڵ بكرێ، پیاوەكەش كوردبوو، لە ئەمن تەماشای رابردووی دەكەن و دەبینن لەگەڵ (یەكێتی نیشتمانی كوردستان) بووەو ئەندازیاری رادیۆی دەنگی كوردستان بووەو لەگەڵ پارتیش لە شۆڕش بەشداری كردووە، وتویانە: نەدەبووایە ئەو پیاوە (عەبدولخالق) تائێستا بمێنێ. رۆژی شەهیدبوونی كاتژمێر (١٢) تەلەفۆنم بۆ كرد، پێی گوتم: هەواڵم بە مەلاكان داوە لەگەڵیان دابنیشم، بەڵام دواجار هەندێك لە مەلاكان پێداگیرییان كردو بەعسیان بێدار كردەوە، بەیانییەكەی دوای شەهیدكردنی مفەوەزێكی ئاسایش كە قژی سوور بوو بەناوی (یونس) كە كوردی كەركووك بوو، هاتە لام كە كتێبخانەم هەبوو تا بزانێ دەنگوباس چییە؟، پێی گوتم: كتێبەكەی (عەبدولخالق) هەیە؟، گوتم: نەخێر، گوتی: ئەی كێ كوشتی؟

گوتم ئێرانیەكان، دەیویست بزانێ ژێر زمانم چی تیایە؟ "(مومتاز حەیدەری) وای وت. دواجار (سەعدوڵڵا پەرۆش) دەربارەی كەسایەتی ئەو وادوا: "لەژیانیدا كەسێكی زۆر راستگۆ بوو، جگە لەوەش جورئەتێكی باشی هەبوو، هەرگیز لە مردن و كوشتن نەدەترسا، لەژیانیدا حیسابی بۆ هەموو شتێك كردبێ بۆ ئەمانەی نەكردووە، كەواتە (عەبدولخالق) كەم ژیا بەڵام بەجوانی و بوێری". شایانی باسە (عەبدولخالق) ئەم كتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:-

١- ئەنتێنا: كتێبێكی زانستیە ١٩٧٧.

٢- تەكنیكار: كتێبێكی زانستی تەكنیكیە ١٩٨١.

٣- دیوانی نالی و كێ راستە؟ كتێبێكی لێكۆڵینەوەیە ١٩٨٤.

٤- ئادەمیزاد لەكۆمەڵی كوردەواریدا ١٩٨٤.

٥- اجهزة الارسال: زانستی تەكنیكیە بەزمانی عەرەبی ١٩٧٩.